# هەر بە کێشی چاوەکانت

محەمەد ئیسماعیلنەژاد(م.ئاران)

١٣٩٤

١

کزەی نیانی بەیان، بۆی هەواری تۆی هێنا
زەمانی زەردی بەسەر چوو بەهاری تۆی هێنا
شنەی حەزێکی سەوز، گوڵبزەی گەڵای بزوان
شەماڵی خۆش دەمودوو، عەتری زاری تۆی هێنا
چپەی ئەوین، دەخزا گیانی ئاشقانی کەیل
دەرووی دەراوی زەمان، دەنگی تاری تۆی هێنا
لە نووری بادەوە خەرمانەیەک سەری هەڵدا
گزنگی خۆر، چڵی یادی شەواری تۆی هێنا
لە ڕۆژهەڵاتی خەراباتەوە دڵ ئاو دەدرا
پەپووی کەلاوەنشین، نارەناری تۆی هێنا

## ٢

خۆشەویستیت بۆتە تین و چۆتە ناخی گیانەوە
بێهەتاوی ڕووی ئەتۆ کوێرانەیە هەڵدانەوە
ئاوی بەفراوی ئەوینت دایدڕیوە شیوی دڵ
گشت زنە و زۆنگی دەروونمی وەک گەرا پێ ژیانەوە
باوەشت چون ئاوەڵا بوو، خەست! وڵاتی سینەکەم
کەوتە بەر دەسڕێژی ڕێژنەی فیشەکی بارانەوە
ئاشکرا بێ سەرلەنوێ نێوانی مەمکۆڵانی تۆ
دڵ دەتۆرێ لێم و ڕاست دەخزێتە نێو ستیانەوە
نوقمی نێو ئەستێری ڕوونی دینی تۆن دوو مانگی ڕەش
گیان بەبێ ناوەند و هۆ، وێڵ‌وێڵ لەدووی دەخولانەوە
ئەو شەپۆلانەی لەشت، دەریای ژیان دێننە هەژین
خۆزگە بەو گەمیەی کە سەرگەردانی ئەیسووڕانەوە
ئەو قەنارەی گەردنی تەرزت کە ڕاوەستاوە بەرز
لاوەکانی نیشتمانی هەر وەبیر دێنانەوە
زەنگی دەنگت ساڵەها لەم شۆرەکاتی ڕووحەدا
گوێگرانی ویشکەلێوی دڵپڕی ئاودانەوە

## ٣

هەر ڕۆژێ بە شێوەیەک شیرینی
ڕۆژێ پەری ڕۆژێ نازەنینی
تاوێ چڵەنوورەکەی بەهەشتی
تاوێ گوڵەسوورەکەی زەمینی
هەر ساتێ لە جامەکی دڵمدا
سەد خەون و خەیاڵی ئاگرینی
پڕ جامی ئەوینی دەستی ساقی
سەرخۆشی شەڕابی شادی ژینی
وەک شەتڵی پەژارە شلک و شووشی
سارێژگەر و شەڵتەکەی برینی
سەدخۆزگە بزەی ئەتۆم نەدیبا
کارم نەدەکەوتە گەرمەشینی!
گەورەمەتەڵی تەواوی عومرم
ئەو چاوەیە تۆ هەڵی دەهێنی
ئەو ماچە لە لێوی تۆم دزیوە
خەملاوە بە هەیڤی هەنگوینی
سەدخۆزگە بەوەی کە تۆی نەناسی
ئاسوودە سەری نیا سەرینی!
بێوێنەترین بەهەشتەکەی خوا
بارانەفـــریشـــتەکەی ئـــەوینـــی

## ٤

من و تەنیایی، هەر شەو کێشەمانە
لەسەر تەنیا دڵی سەرئێشەمانە
نیگای ئێمە لەدووی مشتێک خەڵووزە و
بەشی هەرسێکمان بەر با درانە
دەکا ئەو داد و هاواری دڵی خۆی
سەرووی هاوارە بێدەنگیم بزانە
بە بێدەنگی و بە دژدامان و ڕامان
بڵێی بخرێ وەڕێ کاری زەمانە؟
بڵێی تۆ و من بگەن دیسان بە یەکتر
بڵێی ئەو ئۆقرە بگرێت دی شەوانە؟
بڵێی دەستی من و تۆ لێکدرێت و
تەواو دابەش ببێت غـــەم دادوەرانە؟
بڵێی ئـێـــمە تەبا بـــین پێـــکەوە تا
سەریش ئاسوودە بێ لەو دەرد و ژانە؟
ئەگەر عـــالەم هەموو شاد و شوکر بن
من و تەنیایی، هـــەر شـــەو کێشەمانە

## ٥

حەیف، حەیف ... تەمەنی ئەم ئەوینەمان کەم بوو
دەمێکی خۆش و هەزاران دەمی لە بۆ غەم بوو
حەیف کە وەرزی گەشی خۆشەویستی پێنەگەیی
خەزەڵوەری ڕک و کینمان، بەپیت و بەرهەم بوو ...
هەزار جەخار! مەلی ئازادی، دیلی داوی بەتاڵ
لەناو غەریبیی جیهاندا فڕینی ئەستەم بوو
حەیف کە ڕاوکەری زۆرداری ڕژد و بێبەزەیی
دزی هومێد و بزەی کۆرپەکانی خۆزگەم بوو
حەیف، حەیف .... کە وڵاتی گوڵ و پەپوولە و گڕ
لەبن دەمامکی درۆ و دڕکوداڵی سەردەم بوو
بەداخەوەم کە لە بیرم نەماوە بیرەوەریت
بەداخەوەی کە پڕووکا دڵێک کەوا هەمبوو
هەزار جەخار کە ئەوینێک پەتا بڕستی بڕی
هەزار خەســار وەکوو بارانی وەرزی پێنجـــــەم بوو!

٦

کۆچبەری نێو باوەشی تۆن نەورەسی هەستی هەتیو
بۆ کەناری بەندەری حەز، گیان دەئاژوێ بێ پەسیو
بێپەنای یەک نیونیگان پۆلێک پەڕەسێلکەی سەرنج
دڵ دەلەرزێنێ شەپۆلی مەستی سینەی دەسنەدیو
چـــاوەڕێی بارانەکەی دیـــدارتم ... زوو دابکا
بێتەوە بن چـــەتری چاوت کۆتری ڕۆحـــی تەزیو
شێعری خۆشی خۆشەویستیم پێدەبەخشی گشت دەمێک
بمدوێنی جاربەجار یا بمڕەتێنی چـون تەریو
گیان بە قوربانی خەمی شیرین و سەوزی تۆ بێ
وا لە ســایەی ... بوومــە داری بێ گرێی مـل هەڵبڕیو
گشت زەدەی پاییزی دوورین خانەخوێی ئەم مێشەیە
بولـــبولانی وا پەڕیـوە و سـوورگـــولانی هەڵـــوەریو
بێولاتی دەردی بێتۆیی لە بیر بردوومەوە
خــــاوەنی ئێشـــی ئەویـــنم، بۆچمە نان و بـژیـــو؟

٧

خاڵی تــۆم دیوە، خــەوم داوە، خــەیاڵ هەڵگرتمە
مەشقی ئیشقی تۆ دەکەم وا ڕێی مەحاڵ هەڵگرتمە
من لە شاگردانی مەیخانەی خەمی ئەبرۆکەتم
دەرسی چاوت وەک شەڕابی کۆنەساڵ هەڵگرتمە
خەتخەتێنی هەور و بای دیدە و دڵم تێکەڵ بەیەک
خوار و خێچی پیت و دێڕی شێعری کاڵ هەڵگرتمە
من نە خۆم هاتم بە پێی خۆم تا بە مەیلی خۆم بڕۆم
دەستی تۆ کێشاومی ئەز هــەر ڕەنگی ئاڵ هەڵگرتمە

دابنیشە دوور لەوان تاکەکەسی نێو فاڵەکەم
تۆزی نزمیت لێ نەنیشێ ئەی هەڵۆی هاوماڵەکەم
دوور لەوان بگرە ڕمـوودەی گەندەزەلکـــاوان نەبی
قــەدری قــۆزاخەت بزانە کرمە شــیرین جاڵەکەم
خۆت بپارێزە لە لاتیلی نیگای قالاوەکان
خەونەکانت هەڵفڕێنە دوور لە زۆنگەتاڵەکەم
دامەنی چاوت لە گردی چینەیان دەی کۆ کەوە
ڕێڕەوی بەرزیت ڕەچاو کە کۆچەری ساماڵەکەم
ڕاوەشێنە باڵەکانت هەڵفڕە تا کەشکەلان
بیتەکێنە غوربەتی کەسکوندی مانگ و ساڵەکەم!
هەر مەڵێ تەنهایی وەک چاڵێکی قووڵ و بێبنە
ئاسمان بنوارە بۆتە بەرهەڵێخی ماڵەکەم
ژەنگی دڵتەنگی دە بسڕە تۆ بە پەرداخی بزەت
پێکی سەربەستی دە هەڵدە هـــــاودەم و ئاواڵەکەم
بۆیە دۆڕاوی هەمیشە چونکە خۆنوێنیت نییە
ڕادەنێ وانەی وەسەرکەوتن شــــەقەی شـــاباڵەکەم
تویێژ دەخەیت و ژین درێژە پێدەدەی پاشی مەرگ
نامـری تۆ شــاهەڵۆی بەرزەفـــــڕی ســـــاڕاڵەکەم
خوێنی خۆت تەنیا بخۆ و لەو خێڵە خوێنتاڵە گەڕێ
خەنجەری وان هەر لە پشــتە خوێنــەرە ڕووئاڵەکەم

٩

دانەنیشتووم دەستەوئەژنۆ شـــین و گـــریانیش دەکەم
دڵ وەبن غــــەم نادەم ئاودێــریی بــرینانیش دەکەم
واتە قەت بێکار نەبووم دوێنێ ئەگەر غەم دیار نەبوو
ئێستە سـۆراغی لە ژێر و ژووری هــەورانیش دەکەم
هەر بە نان و ئاوی ڕابـــوردوو بەخـــێو نابێ دڵـــم
جــاربەجـارێک چاو لە ڕۆژئەژمێری دەورانیش دەکەم
چـاوەڕێی باران و تۆ، سـەیری هەواڵ و نووچـەکان
یا تەنانەت دوابەشی کەشـــناسیی ئاسمانیش دەکەم
باوەڕم تاکــوو نەهێـــنابێ بە کـــۆچی ســـووری تۆ
هاتوچۆی سـیلە و پەســیو و کۆنەجێژوانیش دەکەم
بۆ ئەوەی پڕبەخـتەوەر بم ناگرم دەســـتت فەقەت
هەم ڕەچاوی سینەکەت هەم وردەخــاڵانیش دەکەم
تا بچـــێژم تامـی ئاوارتـــەی ئەویـــنداریی وڵات
بۆنـی باران، بۆنــــی ژن، بۆنی بەهـــارانیش دەکەم

## ١٠

ئەمــــجارە ئەگـــەر بێـــمەوە ماچـــت دەکەم و
گشت هەستی دەروون تا بەری پـێت ڕادەخەم و
هـــــەرکەس کە بپــــرسێتەوە جـــارێک لە ئەمن
سەدجــــار ئەمنیش گـــیانی وەڵام پـێ دەدەم و
تەنــــیا نییەتم ناوی بەکـــــێش و گـــــەشی تۆ
قۆڵــــی حـــــەز و بــــــڕوامی لەبۆ هەڵـــدەکەم و
دەســـــنوێژی ئـــــەوینم دەگــــرم هەر بە بزەت
ئەوســــاکە بەرەو من شــــەو و ڕۆژ ڕادە خـەم و
فەڕزە لە ســـەرم هـەزار و یەک ڕەکعـــەت ئەوین
سا پێشکەشی ئەم خـــاکە بێ هەڵبەستم هەموو!

١١

گەلێک جاران تەمی تاڵی لەسەر هەستم ڕەویوە
گەلێک جاریش هەموو هزرم لە توێی شێعر ئاخنیوە
بەڵام داخ و مخابن بۆو مەبەستە دوورەدەستەی
زمانم سڵ دەکا لێی و لەنێو هەستم خزیوە
وەکوو ئەو کیژە نەشمیلەی نەهاتە جێژوانێ
دڵی وێڵم بە سێڵی حەسرەتیدا هەڵچزیوە
ژنێکی پێبەمانگ چەند چاوەڕێی ساوایەتی، من
لەتاو مەرگی پزی هەست مێشکی ئێسکانم تەزیوە
ئەوەی هزریومە نەمتوانیوە بەزمانی بهێنم
ئەوەی توانیومە نەمزانی دەروون چۆنی مژیوە؟

### ١٢

شاڵەکەی نا سەر و ئاوێنەکە تیژ ڕاما تێی
ئەی خودا شاڵی کەوە چەندە دەکاڵێتەوە لێی
سەردەچەرخێنێ بە ناز و ئەوەیان کاکە بە چەند؟
بارتەقای نازی نییە هیچ شتێ هەرچەندی بڵێی
فرە ناقابیلە کەمباییە بۆ ئێوە بەلاش
سەر و ماڵ و دڵ و گیان خانمەکە خۆت خانەخوێی
دڵە وەک چۆلەکەکەی هەر بەدوای جوانییەوە
چرکەیەک ناسرەوێ دەست و سەرنج، زار و گوێی
گمە دەنگی و کەوە ڕەنگی، لەشی پڕ چەشنی شەپۆل
تاکە ڕاستینەیە حاشا بە خەیاڵ ناکرێ لێی
لەبەر ئەو جامەک و جامخانە هەموو چاو و نیگان
لەبەر ئەو لێرە وەکوو لاسکی ناسک دەشکێی
لەبەر ئەو ڕۆژ دەدرەوشێ، لەبەر ئەو شەو دەکشێ
لەبەر ئەو ژین دەخرۆشێ، لەبەر ئەو تۆش دەخـــوشێی

هەر بە کێشی چاوەکانت فاعیلاتۆن خۆشە خۆش
ڕەشترین شێعرێ کەوا بینیومە خوێن بێنێتە جۆش
ئەو کەسانەی باسی کۆن و نوێ دەکەن کوا تێدەگەن؟
خۆشەویستیت تازەیە یا فۆڕم و فکر و بیر و هۆش!
هەر بە شیری ئیشقی پاکت فرچکی گرتوە دڵم
گیان بە هەتوانی نیگات مشتوویەتی خۆشاوی گۆش
فێرەکێشەن چاوەکانی پڕ لە فیتنەی خێڵەکیت
بۆیە بۆم نەخرانە ناو کێش هەرچی کردم کردوکۆش
کێشەریی پڕهەستی چاوت بوونە هۆکاری ئەوەی
گشت دەم و ساتێ بکەومە گێژەنی داخ و پەرۆش
سیلەکەی مەستانەی ئەستێرەی درشتی چاوەکەت
بوونە گۆشەی پڕ لە ئەندێشەی خەیاڵی بادەنۆش
جوانی دوو کەس کەوشەنی گشت شێعر و ئەفسانەی بەزاند
یەک ئەتۆی پڕکێشی ناز و دوو کەنیلەی کافرۆش
زۆر لەمێژە ئارەزووی ژوانێکی تۆم کەوتۆتە دڵ
حەیفە بێماچێکی چاوت بچمە گۆڕی تەنگ و بۆش

باوەشی تەنیایی پڕ نابێتەوە گەر تۆ نەبی
ڕێی جودایی تا هەتا نابڕێتەوە گەر تۆ نەبی
خەونی وەک تۆی ئەو شەقامە قەت نەبینیوە بە چاو
ڕووحی مردووی تازە هەڵناستێتەوە گەر تۆ نەبی
تۆ نەبی کەی ئاوەدانی ڕوو دەکاتەماڵی دڵ؟
مەستی هەڵبەستیش پشووی دەپسێتەوە گەر تۆ نەبی
تا بەهار ناوێکی گەش بۆ گشتی ئەم وەرزانەیە
زوو وەرە پاییز دەنا دەڕوێتەوە گەر تۆ نەبی
دار و دیوار و دەلاقەش هاتنە دەنگ لەم دیوەدا
دەرکی بێدەنگی بەڵام ناکرێتەوە گەر تۆ نەبی
وا ڕژاوە شووشەعەتری یادەکەت لەم غوربەتە
نیشتمانیش ڕەنگە نەمناسێتەوە گەر تۆ نەبی
دڵ دەکورکێنێ لەبۆ دوو ماکەوی سەرسینەکەت
داوی دیلی دەستی نابەستێتەوە گەر تۆ نەبی
کوردم و کوێستانی بەفرین جێ هەناسەی تاسەمە
غەم بەسەر دڵما هەرەس دێنێتەوە گەر تۆ نەبی
کەوڵەکەم بێخێر و کاولە ماڵەکەم، دڵ وەک کەلاک
مۆتەکەی مەرگم لە کۆڵ نابێتەوە گەر تۆ نەبی
ڕۆحەکەم زوو بێرەوە تا گیان و لەش هاوسێی یەکن
هاتوچۆیان کەم دەکا، دەچڕێتەوە گەر تۆ نەبی
باسی پەروانە و شەم و دووری گوڵ و بولبول نییە
ئەمن و تۆ چون "ئێمە" ناخـــوێنرێتەوە گەر تۆ نەبی

ڕۆییم ئەمما هەر لە دڵدا ماوە تاسەی دیتنت
مردم ئەمما هەر لە گیاندایە هەناسەی دیتنت
چاوەنۆڕم من لە گۆڕیشدا بکەی سەردانی دڵ
گۆڕنشینان ڕادەبن بەو باسوخواسەی دیتنت
تاسەباری ئەو هەلەم جارێک وەبەر چاوت کەوم
خۆزگە ڕۆحمی ڕاست دەپێکا ئەو قەناسەی دیتنت
جامی چاو لێرەش دەگێڕم هەر لەبۆ سواڵی نیگات
تۆ وەرە و پیاڵەم کەلاو کە پڕ بە کاسەی دیتنت
کوردم و ناسنامەکەم یەک نیشتمانی چوار لەتە
نەقشەکانم پشکنیوە بۆ بناسەی دیتنت
" ئێستەش هەر دەستی ئەتۆ هەڵۆێستی تازەی بوونمە،
دەیگرم! "* چونکە گەرەکمە بۆ پیاسەی دیتنت
خەونی تۆ خەرمانەیە بۆ ئاووڕەنگی ڕووی خەیاڵ
دێ بەدەوری خۆشەویستیما هەیاسەی دیتنت
بەرگی ئیشقت قەت لەبەر داناکەنێ ئاران گوڵم
کفنی ڕۆحمە تا قیامەت ئەو کراسەی دیتنت

* شەمسی لەنگڕوودی:
دەستەکانی تۆ هەڵوێستم بوون، دەبوو بیانگرم.

۱۶

من لەتەک تــۆ ڕێم بڕیوە تا کەلی ئاسـۆی ئەوین
من لەتەک تــۆ ئەنجنیومە جـــەرگی ئازار و برین
من لەتەک تۆ تا هەرێمی خۆشەویستی ڕۆشتووم
پڕ بە دڵ هاتوومەتە سەر باشترین ڕێوشوێنی ژیـن
من لەتەک تۆ پشکنیومە گشت کەلێنی ژووری دڵ
بۆیە بێپەروا دەپەیڤم وا لە زەردی ڕووی زەمین
من لەگەڵ تۆ پەڕ بە پەڕ سترانی دڵداریم چڕی
دێڕ بە دێڕ خوێندوومەوە چیرۆکی ئیشقی ئاگرین
کەس وەکوو تۆ باسی سەربەستی ژیانی بۆم نەکرد
کێ وەکوو من بۆ شەپۆلی پێچی جەستەت کەوتە شین؟
من لەگەڵ تۆ، جوانترین پەخشانی بوونم هاتە دی
تۆ لەگەڵ من، سـازترین هۆنراوەیەک ... بۆ هەڵـــفڕین

به تەققەی گوللە دیسان کۆڵبەرێکی دیکە کوژرا
لەنێو باغی وەتەن دیسا نەمامی تازە نێژرا
لەبۆ تاڵەقژی لاوێکیان سەد شین دەگێڕن
سەری ئینسانی کورد بوو هەر بە گوللە دادەبێژرا
لە شاری خۆم هەبایە بۆ منیش گەر کاروبارێک
چما دەمهێشت بەفیڕۆ خوێنەکەم ئاوا بڕێژرا؟
هەواڵێکی گرینگی پێ نەبوو ڕۆژنامە ئیمڕۆ
هەوای خۆشی، لە تیڤی و ڕادیۆوە هەر دەبێژرا
لەشی زاماری مێژووی من بە خەنجەر گشتی ڕێڕێ
لە کوورەی ئاگری بێڕەحمی دنیادا دەپێژرا
شەو و ڕۆژ هەر لەژێر زەبر و گوشاری ترس و تۆقان
لەباتی ژین، گەلم، زووخاوی مەرگیان پێ دەچێژرا
هەواڵێکی گرینگی پێ نەبوو ڕۆژنامە ئیمڕۆ
به تەققەی گوللـــە هاکا ! کۆڵـبەرێکی دیکە کـوژرا

١٨

هەر لە چاوەی دەنگی ئەودا گیانم ئاو دەخواتەوە
ئەو خەیاڵەم خۆش دەویٚ بۆ ڕێی خەمی دەمباتەوە
تێکدەچیٚ کۆی باوەڕم بەشنەی نیانی بسکەکەی
بێت و گەر - با- گۆشەییێکی شاڵەکەی هەڵداتەوە
بێنی خۆشی جووت شەمامەی تا سەرم پیٚ هەڵگرن
تۆ بڵێی دەستی ئەوین ئەو دوگمەیەم بۆ بکاتەوە؟
دەچمە بەر دەسڕێژی تیشکی نیونیگای تاکوو تەواو
جۆگەلەی خوێنم بە شەستەی خەونەکەی دەشواتەوە
گەرچی چاوانی ڕەشن تیشــک دەبەخــشن خۆ بەلاّم
ئارەزوومە وەک شەوە گشت ڕۆژیٚ هەر بمباتەوە
یادی ئەو کوانووی کوژاوەی ساڵەکانم هەڵدەکا
خۆشترە تای ماشــەری عومرم ئەگەر هـــەڵکاتەوە

تیغی تیژی خەنجەرێکە و خۆش لەسەر سینەم چەقیوە
زوقمی زستانێکی سارده و تا دەروون ڕێگەی بڕیوە
کۆتەڵێکم مات و بێدەنگ من لەسەر ڕێگەی غەریبی
تەرزەبارانی هەزارمەرگە و بەسەر دڵدا وەریوە
خۆ تەبیعەت لێرە لاڵە ناگەڕێ هەرگیز زمانی
باری سەر زارم قسەی ئیشقە و لەسەر لێوم مەییوە
چەشنی داوەڵ نێژراین ئێمە لە مەزرای قاقڕی ژین
پۆلەباڵندەی بزە و شادی لە دنیامان ڕەویوە
لێرە مردن پەنجەرە و شێعر و بزە و باوەش بەجاری
لەم وڵاتە تازە کێ ساوای سبەینێی هەڵگوشیوە
بووینە گەپجاڕی زەمانە سازکراین بۆ تیر و تانە
بێوەتەن، بێماڵ و حاڵ، هێلانەوازین و پەڕیوە
دەربەدەر بووم من لە شاری، بێخەبەر ئێوە لە شادی
هەڵوەدایی، بێنەوایی تەونی ئێمەی خۆ تەنیوە
بای خەزان هەوری خەمی هێنا بەرەو ئاسمانی سینە
گشت گەڵا و بەرگی بەهاری لەو دڵەی من داڕنیوە
ویشکەسوێیە دەشتی تینووی ئیشق و ئازادی عەزیزم
شەتڵی شلکی ئارەزووم لـێرە بەری خۆزگـەی نەدیوە!

خوێنی گەلێک زۆری لەبەر ڕۆییوە جەستەی نیشتمان
قوربانی گەورەی خواستووە خواوەندی ڕێی ئازادژیان
هەر بۆ تەبایی و بەرگری و پاراستنی مافی ڕەوات
گشت ڕۆڵەکانت بوونە پێشمەرگە و گریلای چەک لە شان
تۆ دەسدرێژیت قەت نەکردە سەر وڵاتێک و گەلێک
وەک دەوڵەتانی چوار ڕەخی خۆت و تەواو داگیرکەران
ئەی نیشتمان دوو لەمپەری کاولکەری ڕووحی ئەتۆن
هەر مەزهەب و گشت ئایدۆلۆژیایەک کەوا توند ئاژوان
پێم خۆشە ژێرباری منەتبوونی ئەوینت تا ئەبەد
کەم بەرهەمێک نیٚ سەربەخۆیی واتە خەونی شاعیران
یا ڕەشترە چاوی منالانی فەلەستین یا دەنا
ڕووماڵی بۆ ناکەن هەواڵی مەرگی زارۆی کوردەکان
ئاران! خوداش ناخوا غەمت تا خۆت نەخۆی غەم بۆ بەشت
مەرگە بەشی ئەو میللەتەی لێک هەڵدەکەن پشت تاکەکان

٢١

خەمێکی بەم هەژاریمە لە جوانیتم چنیوە
لە ڕەنگی بێکەسیمە ڕێک بە باڵاتم بڕیوە
سەرێکی غوربەتم نادەی کە سەرگەردانی تۆیە
سەری هەستم لەبەر پێی ناسیاویت دانەویوە
بەری ئاوارەیی من بەرهەمی تەنهایی خاکە
وڵاتت ئاوەدان بێ کارەسات گیانمی تەنیوە
دەمێک دەگریم دەمێک تەنیا دەمێک بێدەنگ دەمێک مات
دەمی تۆم خۆزگەیە! بۆچی دەمێکە نەمگەزیوە
وەرە و ساتێک بە سێدارەی هەناسەت هەڵبواسە
خەباتگێڕی خەیاڵێک وا لە ناخم ڕاپەڕیوە
ئەگەر مردم لە نێوان مەمکەکانت با بنێژرێم
نیشانی شاعـــیری ون ... ڕووپـەڕێکی خــەت نەدیـــــوە!

## ٢٢

ژەقنەمووتە دەنگی دەریا و دەرفەتی باران کەنیلە
تاڵە تاماوکی قسە و بەستەی دەم و زاران کەنیلە
باخەکەی دێبەر کە جێژوانی ئەوین بوو ئاخ ئەمێستە
بۆتە پێخوستی نەیار و ڕژد و زۆرداران کەنیلە
گشت چەم و کانی گەرای مەرگیان هەڵێناوە دەمێکە
هەر وەکوو هیوا و هەناسەی ساردی ڕێبواران کەنیلە
تۆ وەکوو تانەی لەسەر چاو یا تەمی ئەی نیشتمانم
من پەشێوی شێوەت و هەر شێتەکەی جاران کەنیلە
تامی سەربەستی دەڵێن خۆشە بەڵام نەلوا کە زێتر
بەندی ناو ســـتیانی یار بم کـــاتی ئـــێواران کەنیلە

## ٢٣

ژین خەریکە گێچەڵێکم پێ دەکا ڕۆژ و شەوێ
لێرە مەر مردن دەنا هیچکەس دەفریام ناکەوێ
ئەو برینانەی دەمێک ساڵ بوو کەوا لێم خۆش ببوون
دەفتەری قەتماغەکانیان هەڵدەداوە سەرلەنوێ
ئەو کەسانەی تاکوو دوێنێ وەمدەزانی دیدەمن
لێم لەحاشابوون نەوەک چاویان بە دیدارم کەوێ
ئەو دەمانەی ماچی شیرینیان تەزووی ژین بوو لەلام
یادیان وا سەردەمی لێم تاڵ دەکرد مەرگم نەوێ
باوەشی والای غەمی ئاواڵە بینیوە دڵم
هەستی ساوای بەستەکانم بۆیە ئێستا ناسرەوێ
ئارەزوومە شەو بخەوم و تا هەتا هەڵنەستمەوە
تۆ بڵێی ئەم بەختە جارێک بۆ هەژارێک هەڵکەوێ؟
بچمە بەر بارانەکەی مەرگ و تەواو تەڕتەڕ ببم
جۆگەلەی مێژوو بە جوگرافی نەمانم ڕێ بکەوێ!
یەک قسە مانشێتی گشت ڕۆژنامەکان بێت بەربەیان:
خۆی بە سێدارەی کەسەر هەڵواسی شاعیر دوێشەوێ

۲۴

ئەرمەنی ئیمشەو فەقەت ئیمشەو گرانجانی مەکە
لەو شەڕابە ئاڵە بۆم تێکەو گرانجانی مەکە
لامەسەو دەردم گرانە ڕێم بدە با بێمە ژوور
یەک دو جام و پێکی‌تر بێنەو گرانجانی مەکە
کەس نییە حاڵم بپرسێ و تێبگا چەن بەدمەسم
تۆ بەخێر یەک ئاوڕم وێدەو گرانجانی مەکە
خوێنی دڵ تا هەڵنەچۆڕا خەم سەری خۆی هەڵنەگرت
تۆ سەری ئەم بادەیە با دەو گرانجانی مەکە
گشت شەقام و کووچەی ئەم شارەت لەدوو ئاوارە بووم
ماڵەکـــەت ها ئیـــسە لەکـــوێنەو گرانـجانی مەکە!

لەبەر ڕێژنەی نیگات بمرم کە ناخی خەم دەسووتێنێ
لەبەر تاڤگەی قژت بگرم هەناسەم تا بخووسێنێ ...
هەموو پیت و وشە و پەیڤی بڤە و بەستەی ئەوینداری
نەکا تاسەی حەزت تەنیا گەرووی شێعرم بتاسێنێ
شەلاڵی ئەو شەپۆلانەی لە باوەشتا لە هەڵچووندان
شەوارەی ئەو بزانەی کە شەو و ڕۆژم دەشێوێنێ
لەشت بارانی بێوچانی هەتاوێکی بلوورینە
کە ئاورگی کوژاوەی ساڵەکانم دادەگیرسێنێ
ئەتۆ بەفراوی بن پەیڤی کەوا سێوانە پێگەیوی
تراسکەی ئاسکی هەیڤی کە ئەستێران دەلەرزێنێ
دڵی دیوار دەقەڵشێنێ قەڵەشت و هێڵی جەستەی تۆ
لەناو چوارچێوەدا گشت وێنەیەک سەر وەردەسووڕێنێ
گەوە و یاڵ و زنە و زەنوێری کوێستانی لەشی تۆم بێ
چما دوژمن دەکارێ ئەم هەوارەم لێ بڕووخێـــنێ !!؟

## ٢٦

خۆشم دەوێن ئەو چاوگەلە وا هێندە بەکێشن
تا ئەوپەڕی هەپروون دڵی دێوانە دەکێشن
لەدوێنەوە تا کەوشەنی داهاتوو بەڕێوەن
کۆنن وەکوو مێژوو کەچی هێشتاکە لەپێشن
دوو تاکە لەبۆم هاتووە وێنەی دوو سەرنجی
مەستانە کە ئازاری شەقامێکی وەکێشن
دوو پەنجەرە، دوو ڕۆچنە، دوو دەروەچی ڕووناک
ڕێبواری ڕوحم زووبەزوو تا ئێرە دەکێشن
مەودا دەبڕن، ماوە دەپێون دەتەنن گیان
داگیرکەری ئیـمانن و پـیری دڵی ڕێشـن
دوو شۆخن و سەرخۆشن و دایمە بەخەبەر لێم
ناخۆشن و نەشتـەرگەری گـشت زامی بە ئێشن

## ٢٧

ڕەگی بوونم بە خاکی ئەم غەریبستانەدا ناچێ
سەرم بڕوا ڕوح و گیانم بە ئەم وێرانەدا ناچێ
وەکوو شاخێک ڕواوم من لە دەشتی ئیشقی پاکتدا
بە زەبری بوومەلەرزەش ئەو ڕەگی کوردانە لاناچێ
ئەگەرچی نازەنینی من دەمێک ساڵە لە تۆ دوورم
بەڵام هەرگیز خەیاڵم ڕێی بە ئەو ساڵانەدا ناچێ
زەمان دەیویست بەدەستی زۆر ئەوینی تۆم لە دڵ دەرکا
گەلێک ئازا نەبێ ڕاوچی بە ئەم دۆڵانەدا ناچێ
سەرم سووڕما لە ڕێسای ئەم سروشتە شێت و سەرشینە
کە بۆ جارێک بە گژ ئەو ڕژد و زۆردارانەدا ناچێ؟
هەڵۆی سەربەرزی کوێستانی خەیاڵی تۆیە دڵ بۆیە
بە ئاسمانی نەوی و نزمی هەتیوبارانەدا ناچێ

مەستی بادەن گەر ئەوان یادی ئەتۆم من لە دەروونە
دڵ ئەگەر مێرگی ئەوین بوو گوڵەکەم کوانێ زەبوونە؟
ئەو نیگایەی کە بڕەنگێ بە نواڵە و بە نزارت
لانی دڵتەنگی نییە، کانییەکی ڕووگەشی ڕوونە
ئەو هەناسەی بە شنەی سروەیەکت فێرەسەما بێ
مەستە بەم ڕێگەیە ترسی نییە لەم هاتن و چوونە
بشکێ ئەو دەستە کەوا پەلکی گوڵی هەڵدەوەراندی
بمرێ ئەو هەستە کەوا هەر تەشەنای پێ هەڵەسوونە
ئەو کەسەی ژینی فیدای بەختەوەری خەڵکی دەکاتن
مەرگی پێ دەرفەت و ڕێبازی نوێی خۆ ئەزموونە
یادی تۆ تا بگەشێنێتەوە پشکۆی دڵی شێتم
نانێ قەت ڕوو لە کزی ئەم گڕی پڕکێشی جنوونە
ئەوە تەنیا نییە کوێستان و چیا و شاخی لە پشت بێ
ئەوە تەنیایە دەغەزدارە،بە کینە و ڕکەوە قەلبی پتوونە
نییە ئەو دەستە بەتاڵ یادی وڵاتی لەگەڵی بێ
دڵی ئاران پڕە چون لێرە بەشی بوون و نەبوونە

٢٩

تۆ مەیلی جوداییت هەیە من کەیلی قەرارم
تۆ هەستی وەفات کز بووە من هێزی دەمارم
تۆ مەستی شەڕابی کەشی پڕ زەحمەتی دووری
من پەستی بەتاڵبوون و هەوای گرژی هەوارم
تۆ دەستی خودای بەختەوەریت وا لەگەڵە و من
کەوتوومەتە بەر پێی دڵی داماوی هەژارم
وا تازە دەزانم چ بەهەشتێکی سەوز بووی
ئێستا، کە خەزان داویە پەلاماری بەهارم!
ئەی مانگی نیان بێرەوە بەر پەنجەرەکەی حەز
تا هەڵنەوەشنراوە بناغەی لەش و لارم
ئەی کۆتری تەریو! بێرەوە نێو لانی بەتاڵت
وەیلانە لەدووت گشت شەو و ڕۆژی دڵی زارم
تۆ دینی جوداییت لەسەرە و دینی جودای من
ئەو چاوەیە ڕشتوویەتی بەختی هەڵەکارم!
زوو بێرەوە ئەم غوربەتە تا کەوڵی نەکردووم
بێ تۆ وەکوو ئاوارەیەکی بێکەس و کارم

٣٠

ماچێ کە برفێنی لەسەر لێوەکەی
دایدەگرێ شەرمێ هەموو شێوەکەی
توند بگەزی کوڵم و دەم و لاملی
هەڵدەگەڕێ سوور و سپی سێوەکەی
توورە دەبێ ناوی دروستی نەبەی
خۆشە بە هەر زار و دەمێ نێوەکەی
هەڵدێ هەتاو تاکوو زنەی چاوی ئەو
کاتێ دەزێ تیشکەدڵەنگێوەکەی
ڕۆحم ئەکێشێ بەنی گفت و بەڵێن
گیـانم ئەبـــووژێتەوە بە جـــنێوەکەی

هەوری چرۆچاوی دەمێک تێک دەنێ
دادەڕژێ ڕێژنە لە چارشێوەکەی
بسکی بە با داوە، دڵم بۆیە وا
وێڵە لەدووی خێڵ و ڕکە و خێوەکەی
دەستی درێژی حەزی تۆ کەی دەگا
هەر بە نەگەیوی دڵەکەم لێوە کەی؟
هەست و خەیاڵم لێ دەئاڵۆسکێ وەک
پێچ و پەنای تەرزی لکەمێوەکەی
هەڵدەفڕێ کاتێ پەپوولەی نیگای
زەردە دەنیشێ لە پەڕەی زێوەکەی
ئاسکی سڵی دەشتی حەریرە گوڵم
دەبڕێ بە ناز ڕژدیی کەژ و کێوەکەی

❊❊❊

ناشێ بەرخ بن سەوە بێ تا هەتا
ڕۆژێ دێ ڕابێ دژی چوارچێوەکەی
ڕۆژێ دێ ڕزگار ببێ خاکی منیش
تۆوی نەمێـــنێ دژ و دژخـــــێوەکەی!

غەریبیت غوربەتی داوە نیشانم
نمی چاوانە لاوکی لێرە مانم
شریتێک بوو هەموو تۆماری عومرم
هەڵپێچا لە پێچی گۆچ کرانم
ئەگەرچی غوربەتت سەختە عەزیزم
لەوە باشتر نیشانێک ئەز نزانم
ڕکم ئێستاش لە ڕۆژگارە و ڕکەی کەو
بە ئازادی کە نەکرا باڵ وەشانم
هەتا ئێرە ئەسیری سی و هەناسە
لە سی بەولاوە سەرکۆنەی سەیانم
هەتا مردن بەهۆی تۆ بێ نەهاتیم
لە گۆڕیش هەر بەهیوان مۆرەکانم
کوڕی کار و کەوی و کوێستانی کوردم
کەوی نابن بە ناکەس هەستەکانم
بڕۆ ئەی مەرگی خوێڕی چاوەڕێی چی؟
بەبێ سێ و دوو منی کوشتووە ژیانم!

٣٢

نێوانی من و تۆ گەلێ مەودایەکی قووڵە
مەودا کە دەڵێم واتە کە دووریم قەبووڵە
دووری کە قەبووڵم نەبێ چیم پێ دەکرێ جا؟
شاعیر دەسەڵاتی بەقەدەر گێزەر و توورە
دووری بوو کە دەستی دڵی لە پشتەوە بەستم
مەودایە مەبەست و سەری هەودایە کە کوورە
دووری بوو کە شێعری شڕی بە تووشەوە کردم
تووش و تەڕە دیدە و کەشی ئەم بەر دەر و ژوورە
دووری بوو کە تا غوربەتی ئینسانی ڕەپێنام
پاک سڕیەوە پێناسەیەکی چاک کە "مشوورە"
دووری بوو دەزانم غەزەلی لێم وەهەوا خست:
نێوانی من و تۆ بەڵێ: مـــــەودایەکی قـــووڵە!

## ٣٣

غەریبیت کوشتمی ئەمما ئەوینتی پێ نەکووژاوە
ئەوینت ئاگرێکە تاجی خۆشبەختی لەسەر ناوە
بە قوربانی خەمت بم من کە هەردەم ڕوو لە زیادبوونە
چ ئیشقێکە وەها توند خۆی لە ناخمدا شەتەک داوە
غەریبیت خۆشترە وەڵڵا لە گەشتی شار و پێتەختان
بە قوربانی غەریبیت بم کە وەک پێتەخت و پێتاوە
غەریبیت خۆشترە گیانە لە تاران و شەمیرانات
بە گردێکی غەمت نابن گوڵم گشت مڵکی ئەم ناوە
غەریبیت خۆشترە گیانە لە ناسیاوێتی پێی باران
کە ترپەی دەردی دووریت ئاشنای گیان و دڵ و چاوە

لەمێژ بوو باغی عومرم بێسەمەر بوو
لە دنیادا بەشم شین و چەمەر بوو
هەموو ئاواتەکانم هەڵفڕیبوون
لەجێی وان کوندەبوویەک نیشتەسەر بوو
دڵم تەنگ و دو چاویشم نماوی
سەرم مەستی غەم و بادەی کەسەر بوو
وەکوو مردوو هەناو و گیان بەبێ تین
لەسەر ڕێی مەرگ تەمەن دەستەونەزەر بوو
شەو و شین و شەرەنگم ئاشنا بوون
شەڕاب و مەی لە دەردم بێ ئەسەر بوو
هەموو عالەم خەریکی بەزم و خۆشی
بەشی من هەر پەژارە و دەردەسەر بوو
ئەوین بوو هاودەمی ڕۆژی ڕەفیقان
لە مەرگی من بەجارێ بێخەبەر بوو
لە کاتێکدا زەمان زانی بە دەردم
کە ڕووحم چاوەڕێی دەستی قەدەر بوو
وەکوو نوورێک ئەتۆ هاتی و نەما هیچ
نیشانێک لەو شەوەی پێم چنگەوەر بوو

له بالاّت گوڵبزه دەتکا کچی من
غەم و غوربەت له دڵما شاربەدەر بوو
گەڕاوه نێو ڕەگم خوێنی گەشی ژین
تەمەن تانەی لەبەر کاتی سەفەر بوو
گەشیی چاو و گوڵی گۆنات عەزیزم
گوڕ و تینی ئەویندارى و هونەر بوو
دەروونم ئاوەدانە ئێستە چونکە
له باغــمدا گوڵـــێکی تازەبەر بـــــوو ...

٣٥

سوورەگوڵەکەی دەستەچنم، بێ تۆ لەناو خۆشما ونم
ڕێگە نەما نەیخوێنمەوە، ئاسۆ نەما نەیپشکنم
پەنجێرەکانیش زین دەکەم، زەنگی ستێره لێ دەدەم
پەردەی هەور وەلادەنێم، تەنگیش به مانگ هەڵدەچنم
کەوڵی دەکەم دڵی هەتاو، کرمێی دەکەم دەروونی ئاو
به دەستەکوته لەنێو هەوا، ڕەهەندی نوێ هەڵدەکەنم
مەدارەکان دەخولێنمەوە، گشت دارەکان دەڕوێنمەوە
له وێستگەکان دەمێنمەوە، دەمارەکەی خەمئاژنم
له کام هەواری چۆڵ ونی، له کێهه دەریای بێ بنی
بمبەستەوە ڕزگـــار ببم، زنجـیرەکەی پێ و گـــەردنم

گوڵم بەو چاوە نەرمانەت بە دینی شەو مەهێڵە
زەمان مێرگی حەزی سەوزم بداتە بەر ڕەهێڵە
لەمێژە ڕادەبووریٚ غەم بە کووچەی تەنگی دڵدا
مەگەر لاڕیٚ ببیٚ و سەر هەڵنەهێنیٚ لەم هەوێڵە
کە ڕۆژ هەڵدەچنیٚ پشکی تاقەت و تابشتی جەستەم
ئەتۆش ئەی شەو وەرە و ڕووحم بە یەگجاری بکێڵە
تەمەن خووسا لەبەر بارانی بێخەوشی خەیاڵت
لەپاش مەرگیش سەرنجم هەر لەدوات شێتانە وێڵە
دەلاقەی ئاوەڵای خۆزیا مەبەستن قەت لەسەر دل
بە تاسەی تۆ هەمیشە گەرمە ئەم کەپر و کەوێڵە
ترووسکەی ڕۆندکی ڕوخساری لێڵم گەر ببینی
دەزانی دەردی دووری چەن بەلرفە و نێڵەنێڵە
ئەسیری چارەنووسی نادیار و تاڵ لە غوربەت
چلۆن دەرچم لە چنـگ ئەم چەپگەڕە چەوتوچەوێڵە؟

٣٧

شوانەوێڵەی عومری شێتم ها دڵی زۆر پێتەوە
شەنگەبێری ئیشقی پاکت بێژە با زوو بێتەوە
دەشتی سەوزی چاوەڕوانیم وا پەڵەی دا و پێگەیی
داسی سەرمەستی سەرنجت کوانێ بمدروێتەوە
باخەوانی ڕۆژەکانی خۆشەویستیم هەر ئەتۆی
گەر نەبێ ڕێژنەی نیگات ئەم باخە نابووژێتەوە
ڕاوچی چاوی پاک و نێچیری دڵم وا چاوەڕێن
کۆتری سەرسینەکەی تۆ بێ بنەم بۆ بنێتەوە
ئەی تەواری تیژپەڕ و تەڕلانی ئاسمانی ئەوین
خۆزگە تەنیایی سەری کوێستانمت بیر بێتەوە
من شەو و ڕۆژ هەر شەقامی یادی تۆم داوە لە گەز
غوربەتت دوور و درێژە هێندە زوو نابڕێتەوە
ئەی وڵاتی خۆشەویستم نیشتمانی پاک و جوان
دوژمـــنانت خاشـــەکێش بن تـــۆرەیان ببـــڕێتەوە

من بەدفەڕم من بەدفەڕم بێخێرم و زۆر پڕشەڕم
پێت وا نەبێ هەر گورگی تۆ ئەمنیش هەتا سەر هەر مەڕم
پێت وا نەبێ هەروا دەبێ، دنیا لە دەس تۆدا دەبێ
ڕۆژی ئەتۆش ئاوا دەبێ، ڕۆژێ دێ ئەز توند ڕاپەڕم
ساوا دەبێ تاکەی بەرخ؟ لێم خۆش دەکەی تاکەی مرخ؟
ئەز ڕادەبم ئەز ڕادەسم، پێت وا نەبێ زۆر بێگەڕم
ئەو بەردەباز و پردە نیم، ئەو دەشتە نزم و گردە نیم
ئەو بووکەڵە دەسکردە نیم هەر بەهەوای تۆ هەڵپەڕم
هەر چیم هەبوو گرتووتە لێم، کێوە دەچم بەستووتە ڕێم
چی ماوە پێم تا دایبنێم لەیلاجەکەی ئاخرشەڕم!

پەری! تەمـایەری دیـداری نیونیـگایەکی تۆم
لە درزی پەردەوە ساتێ گزنگێ دەرخە لە بۆم
سەیر، دڵم دەگرێ بۆ کزەی بزەیەکی کاڵ
خەمێک دەمێکە هەڵیگرتووە سەرم: کە بڕۆم!
دەزانی چـەندە ژیـانم دوپـاتەیە بێتۆ؟
هـەزار ئەوەندە گلاراوترە دڵەی سەرەڕۆم!
ئەوە بـڕا تەمـەنم بۆ شنەی هەناسەیەکت
کەسێ نەما بپەرستێ ئەتۆ تەواو وەک خۆم!
پەری! دەزانی گەلێک بێبەزەی لە ئاستی دڵم؟
چەلێکی ڕووت نەنواند، هێدی بێتەوە کوڵ و کۆم
غەریبی تۆم و خەیاڵت خـەوی زڕاندووە لێم
ئەوینمی و غەمی تۆ بۆتە سێبەری شەو و ڕۆم
تەمەن، تەواو وەڕەزیی دووری تۆ دەکا، کەسەکەم!
بڵێی بە بەردی غەزەل بشـکێ عومری تامـەزرۆم؟

قەل و داڵ گەر لەش و گۆشتم بە گشتی دابماڵن
کەلاکم کون بە کون گەر مار و مێروو تێی بهاڵن
بە لیچی گورگەوە خوێناوی جەرگم گەر بچۆڕێ
لەناو کەڵپی سەگی دڕدا هەموو ئێسکم بناڵن
پچڕپچڕی بکەن پەلک و ڕەگم ڕێوی بە ناحەق
چەقەڵ فێر بن بە ئەو ماسوولکەنەرمانەی کە کاڵن
دڵم کوتکوت بکێڵن کەمتیار و کۆنە ڕاوچی
بکۆڵن قشقەڕە دیدە و نەپرسن کەس لە ماڵن؟
بنیشن خەرتەل و سیسارکە کەل کەن کاژەڵەی سەر
دەڵەک دڵ دڵ نەکەن بۆ ئەو مەلانەی بێخەیاڵن
گەلێک پێم خۆشترە هێشتا، لەلام ئاسانترە تا:
ملم کەج بێ لە ئاســـت ئەو دوژمــنانەی زۆڵ و زاڵن

باوەشی تۆ دڵنیایی و ئۆخژنی ڕێبازمە
پردی پێوەندیی ئەوینە و بۆ ژیان پێبازمە
شیر و هەنگوین دادەچۆڕێ لەو زناری گەردنەت
شانەکانت ڕۆژهەڵاتی زەردی تاوانگازمە
کانیاوی سینگی تۆ وا هێند بەلووزەو دێتە خوار
شێعری باش داڕێژراوی نوێترین شێوازمە
سێوی ڕوخسارت خڕوپڕ چەشنی مانگ نەرمونیان
خۆرەتاوی بەرهەڵستی عومری ئاواتخوازمە
نارەناری مەمکەکانت گەر بە وردی باس بکەم
نەرمەئاهەنگی "بە لار"... "لیمۆ"یەکەی شیرازمە!
گەر دەپرسی چۆن درێژەی پێ دەدەم لێرە ژیان
دەستی تۆ دەگرم کە ڕێگەی پڕ گەوە و هەورازمە!

شاعیرێکت تۆ لە پشت پێڵوو دەڵێن شاردۆتەوە
هەر کەسێ تۆی دیبێ جارێ، شێعری لێ خوێندۆتەوە
گەرچی هەر ئەو چاوەیە چۆمی خوڕێنکی باوەڕم
جاربەجارێکیش لە ڕووی شێعرم سپی هۆندۆتەوە
ناحەقم مەگرە کە داری دڵ لە بێخ ڕا لێوە کەم
خۆ خوداش ڕستەی لەبەر ڕوخساری تۆ گرتۆتەوە
ساڵەهایە دڵ بە هیوایە کە بێت و بوگزەرێ
دێڕ بە دێڕی عومری خۆم بەو پێیە ڕەش کردۆتەوە
ئەو ستێرانەی لە ئاسمان ڕووحی خۆیان هەڵدەداشت
سوژدەیان بۆ بەرجەوەندی نیونیگات بردۆتەوە
نەک دڵی من یا نە هەر ناراوەکان وێڕا خودا
گشت مەلایک بادەیان بەسلامەتیت خواردۆتەوە
سەردەمێک نوێباوترین شێعرم هەبوو ئێستا بەلام
قامەتی تۆ قافییەی سالانمی ڕێک خستۆتەوە
شێعری بەرزی خۆشەویستیم هەر بە چاو گوێ لێ دەبێ:
شاعـــیرێکت تۆ لە پـشت پێـــــڵوو دەڵێن شــــاردۆتەوە

## ٤٣

ئەمشەو سییەکانم تژی عەتری لەشی تۆ بوون
گشت شێعر و وشەم تامەزرۆی باوەشی تۆ بوون
هەرچی کە لە ماوەی تەمەنم گیان دەگەڕا بۆی
ئێستاکە تەواوی لە جوانی بەشی تۆ بوون
نەک هەر دەم و لێو، چاو و نیگا، هزر و هەناسە
تێکڕا ڕەگی خوێنم هەموو چنگاوەشی تۆ بوون
ئەو بەرزەشەپۆلانە کەوا نوێنەری دەریان
ئاماژەیەکی کورت لە حەزی سەرکەشی تۆ بوون
ئەو تاڵەقژانەی کە دەئالان لە بەرۆکت
تینوویەکی داماوی هەسێڵی گەشی تۆ بوون
ئەو بەختە کە هەر هەڵنەدەهات بۆم بە مناڵیش
وێنایەکی ساکاری دو چاوی ڕەشی تۆ بوون

ڕوویەکی خۆش نانوێنێت مانگی جادووکاری من
هەر لەتاو ڕووی ئەو دەناڵێتن دڵەی تاداری من
ڕوو بدا جارێک لەبەر دیدەی خەیاڵی خۆشفەڕم
تازە دەسبەرداری نابێ باوەڕی ڕووداری من
بێت و جارێک بێتە ناو خەونێکی زۆر کورتخایەنم
ساڵەها وێڵی دەبێت بەرخەنیگای خووداری من
تۆ وەرە و ڕووداوی تازەی شێوەزاری من ببە
تاکوو شیرنایی بچێتە بن ددان و زاری من
سەر هەڵێنە ئاسمان هێندە پەشێوی خۆت مەکە
بێکەسی هەستم بە تاوێک، شێعرەکەی نازداری من
بێشەرم چارشێو فڕێدە و خۆت بخە ناو باوەشم
گڕ دە یەگجاری دەروونی وشک و مەینەتباری من
گوێت نەبزوێ قەت بە لۆمەی ناکەسان و ناحەزان
بێترس، دنیات بڕەنگێنە کەنیلەی شاری من

# چوارێنە

١

پێم وا نەبوو بتوانێ مەرگ ماتم کا
چوارینەیەکیش باسی بەسەرهاتم کا
ئەم پەنجەرەیەم لەمێژە لێ بەسراوە
کاڵێ دەیەوێ گاڵـــتە بە ئـــاواتم کا

٢

کێ دیـویەتی هێشـــتا لە سەدەی نانۆدا
خوێن بێت و سەران بەرێ بەڕێی نامۆدا
لاتەقنەتوو بوو گفتی دەمی لای ئێـــمە
بانگی قـــەتەلوو دەدرێ بە گوێی ئاسۆدا

٣

نەقشی دڵ و گیانم، بەژ و ڕێگا و بانت
ئەستوندی ژیانم، کەژ و کێوی جوانت
شیرینترە ناوت لە وتەی دڵداری
سەرمەستە ئەوین ... لە نازی ئـــێوارانت

۴

ئێوارە کە دادێ کڵی گیانم دەگرێ
وەک چۆلەکە بۆ باوەشی تۆ دڵ دەفرێ
شێعریش بەتەمای دیتنی تۆیە بۆیە
چوارێنەکەشم چەشنی غەزەل پێ دەبرێ

۵

ئاوارە هەتا کەی بە ژن وماڵەوە کورد
پەرت بێ لە جیهاندا بە بزەی کاڵەوە کورد
تاکەی خەمی پێناسە، ڕەگوڕیشە لە کۆڵ
ناسنامە بە دەست و خاک بە ئۆباڵەوە کورد

۶

تەنیام و بڵێی بزانی بۆ چی تەنیام؟
ئاوارەم و هەڵوەدا لە دەشتی دنیام
گشت ژانی ژیان بەگیان دەکێشم ئەمما
غوربەت بوو ڕزاندی ئارەزووی ئاوەنیـام!

٧

وەبزانە یەکێک فیـــکەیەکی کێشا و ڕۆیشت
وەبزانە کەسێک وێنەیەکی کێشـا و ڕۆیشت
ئەم هەمگە هەرا و هەنگەمە گشت تێپەڕ بوو
وەبزانە دەسێک پەردەیەکی کێشـا و ڕۆیشت!

٨

ئەم کەوچکەخوێـنە بۆی نەپاڕاومەتەوە
ئەم گۆشــــەگڵێنە بۆی نەپاڕاومـەتەوە
دەمبینی کە سووکبارم و سەرخۆشی ژیان
ئەم یەک دەم و بێـنە بۆی نەپاڕاومەتەوە!

٩

هۆکار و گراوی شەوی بەختم، هەر خۆم!
تەنیا کەرەسەش، ترسە کە ناهێڵێ بڕۆم
وەک تۆقێ لە مل کۆیلەتی دا دەربەستم
تێدا چووە لەم ناوە وزەی گش شەو و ڕۆم

١٠

ئەو خەونە کە ڕووباری مەی و مێوە لەشی
ئەو هــەورە کە نەرم و شل و نازاوە کەشی
بێــوێـنەیە ئەو، چــۆنی ئەمن وێنـــا کەم
ئەو ژیـــنە کە ناوی ژنە هەر ژانە بەشـــی!

١١

بەستێنی گەشە و ئەوپەڕی هەڵدانە ئەوین
تاک-پێوەری جوانی و جگی هەرمانە ئەوین
ڕووناکـــــترین چرکەدەمی چێژی ژیان
ئەو ساتە بەودمــــەی سەرەتای ڕوانە ئەوین

١٢

هیچ سەیر نەبێ پێت چۆنە وەها دوورەبەشم؟
بۆچ ساردە دڵەی مات و کز و چارەڕەشم؟
دەست هەڵگرە ... ناکرێتەوە بۆت ئاگری دڵ
بردوویەتی بــا ... خـۆڵەکەوی گۆڕەکـــەشم!

١٣

ئێوارە کە دادێ دڵی کورکاوی منیش
هاوڕێ بەوەفاکەی کوڵ و ژان و وەزەنیش
وەک ڕێگە وەک ئاسۆ چەمەڕای دیتنی تۆن
گشت ساتگەلی ئێســــتاکەم و ڕۆژانیدنیش

١٤

دڵ تەنگە لەبۆ مێوی تەڕ و تەرزی شێعر
گوێم ئاو بدە دیسان بە نەوای بەرزی شێعر
چوار وەرزە لەلای خەڵکی کە ناسراوە بە ساڵ
زستانی پەشــــێو، پوخــــتەترین وەرزی شــێعر

١٥

گەوزاوە لە خوێن گشت لەشی کوردستانم
ئاواڵەیە مەرگ، باوەشی کوردستانم
کۆبانی دە خۆ ڕاگرە، بەرخۆدان کە
تا بێتــەوە خۆ ... چــواربەشی کوردستانم

١٦

ڕابورد تەمەنم لە غوربەت و بێشانی
پیر بووم و دڵم هەر بە ئەوینت هانی
هێشتا بەتەمای باوەشی تۆم چون هەرگیز
پـێم وا نەبوو چـواری هەر بە تاکم زانی!

١٧

دڵتەنگی ئەوینێکم و تێناکەوێ دڵ
ئاشق بە شەپۆلێکم و ڕێ ناکەوی دڵ
پێم خۆشە لەبەر پێت وەکوو باران داکەم
پەنگی ڕەشەهەورێکم و لێ، نـاکەوێ دڵ

١٨

ویستم بگریم سەیرە کەچی پێدەکەنم!
پێوانەیە خەم بۆ کـەم و زۆری تەمەنم
مەیخانە نیشانم مەدە کیـژی ڕەزەوان
ترسم هەیە دڵگیر ببێ مەیگێڕ لە کنم

١٩

شێواوە سەر و ڕەوشی ژیانی ئێستام
تۆراوە دڵ و کۆتری گیانی شەیدام
کەی دێیتەوە شوێنی سەرەکی بوونی خۆت؟
تا بێـــــتەوە بــەر داری هومـــێد و بــــڕوام

٢٠

شەو دێتەوە بۆ حاڵی دڵەی وێڵی شێت
دڵتەنگی هەتا گەرووی مەراقم بگوشێت
تۆ بێژی کە نێوانی مە خۆش بێتەوە تا
داوا لە خــودا کەم کە هــــەتاو هەڵنەکشــێت؟

٢١

ئەمجارە ئەگەر بێمەوە جیا نابمەوە لێت
چەشنی وشەیەک چنگ لە گەرووی شێعر ئەگوشێت
وەک سێبەری تاریک کە لە دووی تۆ دەخوشێت
تۆزی دڵــــەکەم، پــــێـــــتەوە ئـــاوا بلکــــــێت

٢٢

خەم تازەترین گۆشە لەناو ژینی منە
سووچم چییە؟ ئەم خاکە گەرمتر لە ژنە
لۆمەم دەکەن ئەم خەڵکە کە دۆش دادەگری
نازانن ئەمن هەرچی کەس و کارمە ونە

٢٣

دڵ تێر کە بە مەی، بیر و خەیاڵ، کوێرەوەرین
هەروا بووە، هەروا دەچێ ئاقاری زەمین
تەنیایی و دڵتەنگی و زۆرداری و شەڕ
چوارچێوەیەکی دیاریکراوی ئەبەدین

٢٤

تەقویمی تەمەن خاڵی لە ڕووداوی ئەوین
تابلۆیەکی دەقگرتوو بە دیواری زەمین
مانگێک نییە سەر بسوێ لە ئاسۆگی ژیان
جوانێک نییە دەس دانێ لەسەر دەرد و برین

٢٥

سبحەینێ مناڵی من و تۆش گەورە دەبن
کاتێک بە زمانی دایکی فرچک نەگرن
تۆ بێژی نەپرسن ئەرێ سەرخێڵی مە کێن؟
قەت پێکەوە دواون؟ وشەمان چەندە کەمن!

٢٦

دەمخواتەوە داغ و سا هەڵم دێنتەوە غەم
کارم گوزەرا- نالی- لە ڕیتمی ژەم و کەم
ئێژن بدوێ سووک دەبێ دەردت چبکەم؟
ناشکێنێ زەمانە شەقڵی ویشکی دڵ و دەم

٢٧

کووژاوە چرای خەونە بەرین و گەشەکان
پۆشراوە جیهان گشت بە دەمامکەڕەشەکان
ناتپێچمەوە ئیتر لە دوتوێی شێعرێکدا
ترســـم هەیە دایم لە مـــەرایی وشـــەکان

٢٨

دیلانی ئەویندارى لە زیندان دەگــرین
خەونی دەسەڵاتدارى لە پاوان دەگرین
ناژین بە هەواى بۆگەنی مــردارەوەبوو
وەک ڕێزێ لە ڕزگاری مرۆ مان دەگرین

٢٩

ئێوارەیە، غوربەت، خەم و من، تەنیایی
کۆبوونەوەیە بۆ وتووێژی دوایی
ئاکامی لەبۆ هەر نییە داستانی دەرد
دانیشتنەکی هــیچ و لەسەر خــــۆڕایی

٣٠

من بووم و شەوێکی دوور و ناڵەی نایەک
تۆ بووی و خەمێکی سوور و سروەی بایەک
تا هەڵنەکەوێ ئەوین لە نێوان ئێمە
هــەڵناکرێ ئاگــــری دڵی هیـــچ لایەک

٣١

شەو، ڕادەژێ سەرخۆش لە گلێنەی تۆدا
ئەستێرەیەکە ڕۆژ لە خەزێنەی تۆدا
ئەو مانگە بەرزنوێنە لە تەشقی ئاسمان
وێڵ وێڵ دەگەڕێ دایمە لە وێنەی تۆدا

٣٢

تەنیایی ئەمن گەر پەرە بێنێ پەل و پۆی
پێم خۆش نییە بگرێتەوە باغێک کە ئەتۆی
میراتگری تۆرەی بەرێ بوون واتە نەبوون
بڕوێتەوە گیا بۆچی لەسەر پنچکی خۆی ؟

٣٣

ئاگربەسی نێوان من و غەم ناگرێ سەر
ئازار و وەزەن، هاوتەمەنی بایە مەگەر؟
گشت ڕۆژێ بەدووی دەردەوە ئاراگێڵی
عومرێکە لەگەڵ مەرگە ژیانت لە سەفەر

٣٤

تەنیام و مەگەر خودا بزانێ چەندە
بەندی دڵی من بە بوونی تۆیە بەندە
زۆر دوور و درێژە ڕێی ئەوین و بڕوا
هــەوراز و نشێو و پڕ لە کەند و لەندە

٣٥

دوو جەمسەری دنیایەکن هەڵبەست و ئەوین
دوو لایەنی کێشەیەکی ئاڵۆزی زەمین
ئاوبردەیی سووکایەتی و نزمی وەکوو
داواکـەری ماڵانگـــــەڕی پاســـــاریٔنشـــین

٣٦

بەینێکە ئەوا چوومەتە ژوانی ڕووحم
کۆڵیومە هەموو قوژبنەکانی ڕووحم
عومرێکە لە ڕێی هاتنی تۆ ڕاماوم
ئۆخەی کە دەڵێن دێتەوە کانی ڕووحم

٣٧

ئەو هەیڤە بەهەنگوینە کە خۆشم گەرەکە
ئەو کانییە زیوینە کە خۆشم گەرەکە
ئەو جوانییە بێوێنە جیهان نەخشێنە
ناوی ژنە، ئەو ژیـــنە کە خـــۆشم گەرەکە

٣٨

بەینێکە بەدەم دەردەوە پارشێوێ دەنووم
داخێکە دەبەستێ بەری کاروانی گەرووم
من چوومەتەوە لە بیر و یا ئێوەنە دوور
کەوتوونەتەوە و بـڕاوە ڕووناکـی دەرووم؟

٣٩

گیرۆدە بە داوی غەمی دنیا تاکەی؟
تاکەی بەهەوای بەزمی خراپە و چاکەی؟
بێهوودە لەدووی بەڵێنی وا بێوادەی
مەی بێنە دە مەیگێڕ! وەرە ساقی ئادەی!

٤٠

کەڵکێکی ئەگەر بایە غەمی دەرد خواردن
دەدرا بەشی مەش لە خۆشی خۆش ڕابواردن
ئەو ڕۆژە خودا چاک و خراپی ڕۆنا
بەشمەینەت و خۆشبەختی لە یەک ئاواردن

٤١

بەرباری غەم و دەرد و کەسەر بوون تاکەی؟
سەرباری ژیان، سەرێک لە مەستان نادەی!
سەد ئاخ دەکێشی دەمێ ناڵێی ئۆخەی
سەد وای دەبێژی چەلێ ناکەی وەی وەی!

٤٢

ڕۆشن بکە تیڤی ڕەش و چەرمووی دنیام
بنوارە درامای کرێ و بێدەنگی نیگام
دانیشە لە جێی خۆت مەبزوو دێمەوە لات
دوای کورتەسەرنجێک لەمەڕ ئاوات و تکام

۴۳

خۆزگە و حەزی ژینمان کزە وەک بەختی فەقیر
شابازی مەلان ئێستە لەگوێن ڕاو و نەچیر
تۆراوە فڕین لەم دەر و بەربێلایە
پارێـــــز و ترس بـــــوونە بـــرای ئاوەز و بـــیر

۴۴

شێواوە گلۆلەی بەنی هەستم چبکەم؟
ناگرنەوە یەک شێعر و مەبەستم چبکەم؟
کوا خۆی دەگرێ گلێنەیەک گاو بکرێ؟
ناچێتەوە سەریەک دڵ و دەستم چبکەم؟

۴۵

لەم ژیـــــنە دزێـــــوە خۆبـــزێوانەیـــە وا ...
ئاومالْکی چەرخ و خولی شـــــــێتانەیە وا ...
کەوتینە گەلێک دۆخ و دەمێکیش چییە، کەم!
نەخراینەوە ســـــەر ئەو دەقە؛ تاقانەیـــە وا

۴۶

تا دەرکی بەهەشتم دەبەی و ڕێم نادەی
گفتی مەی و ماچم دەدەی و پێم نادەی
سووڕماوە سەرم لەم هەموو بگرەوبەردە
لەم بەرزەخە بۆ ئاوڕێ بەخێر وێم نادەی؟

۴۷

ئاوەز دەڵێ: هیچ ڕێگەیەکی دیکە مەڕۆ
بەربۆتە هەناوم گڕی ئیشقێکی بەسۆ
هەڵناگرێ دەس لێم و وەڕەز نابم لێی
ئەو کەڵکەڵە کەوتۆتە کڵێشەم شەو و ڕۆ

۴۸

ئەو جوانە کەوا من بە خەون بۆی دەگەڕام
ئەو خەونە تەنیبووی هەموو ئاسمانی نیگام
بۆ ساتێ درەوشاوە لە ناخی شەوەزەنگ
ئاوارە بەجێیهێشتم و گیرساوە گەرام

٤٩

بەربــــوونەوە یانی ڕەگی گــیان، با بیـــبا
گشــت ناو و نیشـــــانێکی ژیان، با بیـــبا
ئەو ساڵ و سەدانەی کە لە دووت ڕادەبرن
چش! بۆ چمە؟ کــــاروانی نەمــان، با بیبا!

٥٠

ئەو دڵبەرە؛ ئادگاری کە بێوێنە دەبوو
سەدخۆزگە دڵی بۆ دڵم ئاوێنە دەبوو
دنیا بەشی بڵح و بێوەفا و سووک و گەڕاڵ
بۆ پشکی ئەمن، ئەوین و چــوارێنە دەبوو!

٥١

ئاخ خۆزگە وەنەوزێک چەمی داخستایەم
بۆی خۆشی لەشی ئەو، سەری هەڵگرتایەم
پێڵووم کە هەڵێنا ... بە تەوژمی جوانی
ڕوخـــسار و نـــیگا و زەردەخەنەی برمایەم

# دووبەیتی

١

بە خاکی خۆمەوە خۆزگە دەبەسرام
بە دەست خەونێکتەوە بریا دەنووسرام
دەڕۆییم وەک ڕەگێکی خوێن بە دڵتا
بە دارێکـــت کە دەڕوا هەڵدەواســـرام

٢

گڵینەی ناو کڵی گیان بووی نەپێژرای
قسەی سەر لێوی دڵ بووی و نەبێژرای
وەکوو تەرمێک لە لەشما ڕاکشاوی
گڵی گڵـکۆی ئەوین بووی و نەنـــێژرای

٣

هەموو بۆن و بەرامەی نەوبەهارێ
لە تاقگەی پرچی تۆوە دادەبارێ
قژت تا دادەهێنی دادەمێنم
لە شانەت شانی من دەڕژێتە خوارێ

۴

زەمان زانی بە قووڵی زام و دەردم
زەمین لەرزی لەبەر ڕوخساری زەردم
قەڵەشتی دا لەتاوان ئاسمانیش
دڵی تــۆی پێ نەبزوا ئاهی ســەردم

۵

خەمت خێوی دڵە و خۆیانی بوونم
هەڵمدەگرێ خەیاڵ تا ڕۆژی چوونم
لە ڕێی خەونت سەرم داناوە ئەمما
بە چاودا نایە خەو وەک ئەسری ڕوونم

۶

بە تەنیایی وەکوو باران دەگریام
تراوکێک بوو بەتاڵ دەسپێکی ڕێگام
بە جادەی چارەنووسدا بۆ دەهاتم
ئەگەر دەمـــزانی ئاوا تاڵە ئەنجــام؟

٧

قسه و ویستی دڵم نایێته سەر زار
ئەوەی نووسیم نسێیەک بوو کەسەربار
گەلێک دوورن لەیەک شێعر و مەبەستم
وەکوو مـەودای شەو و ڕۆژی ئەویـندار

٨

خەوی هەڵگرتووم چاوی خومارت
قەراری بردووم وادەی قەرارت
دەڵێن ئەمڕۆ لە جێژوان چاوەڕێته
لەسەر لێو بارە تامی مـاچی پارت

٩

بزەی تۆ ئەو شەمامە ڕووشــەیە کە ...
بە خاڵوخەت پەڕم ئەو پووشەیە کە ...
ئەگەر تێی نەگری بەردی ناز شکاوە
دڵی شـــاعیر چ ناســک شــووشەیەکە!

١٠

خەریکە شێت دەبم تەنیا و لەتاوان
ئەتۆ کەی دێیەوە بینایی چاوان
بە تۆم داوە هەموو سەبر و قەرارم
دە لێم مەستـــێنەوە گەرمی شـەواوان

١١

سەرم سەرگەرمی خاڵێکە و خەیاڵێک
بزەی لێوت دەبزوێنێ مەحاڵێک
لە من وایە زەمین لەرزی لە ژێر پێم
کەوا کـــەوتوومە نێو تاریکـەچاڵێـک

١٢

دڵم بەسراوە بەو بسکی بڵاوت
نەما تاوم لەتاو کوڵمی هەتاوت
نە پێی ڕۆیین نە هێزی دڵ، ئەوەندە
نەکا مەستی بڵێ جارێک بە چـــاوت

١٣

دڵ ئاو دەخواتەوە لەو دەفری لێوەت
خەیاڵ دەمباتەوە بۆ باخی شێوەت
لە ڕێسمە دەردەچێ ڕێسای ژیانم
دەمێ سەرهەڵبدەن: ئەو جووتە سێوەت

١٤

لەبۆم شانازییە ناوت دەزانم
چ شیرینە کە دێتە سەر زمانم
دەبا بمرن نەیارانت لە ڕقدا
ئەمن تۆم خۆش دەوێ ئەی نیشتمانم

١٥

بە دڵ شەیدای کەژ و کێوانی تۆمە
بە سەر سەودای حەز و سەیرانی تۆمە
هەموو ساتێک بە تاسەی دیتنی تۆم
بە گیان شێتی ئەتۆ و حــەیرانی تـۆمە

١٦

دڵ و دیدەم لە دووریت دادەبارین
شەو و ڕۆژم لەبەر شینت ڕەشە و شین
هەتاوی ڕووی ئەتۆ کەی دێتە ئاسۆ
بزەی گەرمم لە خۆشیان ببنە ئەسرین!

١٧

لە دەنگی تۆیە ئاو دەخواتەوە دڵ
خەمتماڵی خەیاڵمی کردە مەنزڵ
سەری پێ نامەوە بادەی ئەوینت
لەبەر بەرکـۆژەکەت بوو کەوتمە بن گڵ

١٨

وەشارتووی ناو خەزێنەی باوەڕم تۆ
هەڵاتووی هەستەکەی هەردەگەڕم تۆ
بواردووی دەستەکەی خونکارتم من
بژاردەی ســەربەڕۆژی ماڵــــپەڕم تۆ